


دوناتێللۆ . پۆرتریتی هونەرمەند

هونەری . ئەم شارەی بەجیٚهێشتووەو زۆر سوپاسی کاربەدەستانو دانشتوانی کردوەو گوتویەتی :
(ئێوە ئەوەندە بە شانو بەهۆتان هەڵدام و مەدحتان کردم و ڕێزتان گرتم . ئەگەر زیاتر لە ناوتان بمێنمەوە لە خۆشیان هونەرم لەبیر دەچێتەوە) . دوناتێللۆ بێجگە لەوەی هونەرمەندێکی مەزن بوو ، مرۆڤێکی چاوتێرو بەرەحم بووە ، ئەوەندەی بایەخی بە برادەرەکانی داوە ، ئەوەندە بایەخی بە خۆی نەداوەو پارەو پوول لای ئەو هیچ نرخێکی نەبووە ، بۆیە ئەو پارەی کە بەدەستی دەکەوت لە ناو زەمبیلێکی دانابوو کە بە داوێك لە ناوەندی ماڵەکەی هەڵواسرابوو ، ڕێگاشی بە قوتابیو برادەرەکانی دابوو لە کاتی دەست کورتی و پێویستیدا بەئارەزووی خۆیان لەو پارەیە هەڵبگرن . هونەرمەند لە کاتی پیریدا ، لە ژێر چاوەدێری (میر کوزیمو)دا بووەو مووچەی بۆ بڕاوەتەوە . کە تەمەنی گەیشتوەتە هەشتاو چوار ساڵ زۆر بێهێزبوەو کەلکی بەرهەمی تازەی نەماوە . هونەرمەندی مەزن لە ڕۆژی ١٣ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٤٦٦دا کۆچی دوایی کرد. لە سیریمۆنیای ناشتنیدا کۆمەڵێکی یەکجار زۆر لە نیگارکێش و پەیکەرتاش و ئەندازیارو ڕۆشنبیران بەشداریان کردوەو شاعیرەکان بەچەند زمانێکی جیاواز هەڵبەستیان بۆ داناوەو دڵتەنگیو کارەساتی مردنی هونەرمەندیان دەربڕیوە . بەگوێرەی وەسیەتی خۆی لە تەنشت گۆڕی (میرکوزیمو) لە کلێسەی (سان لۆرێنجو) بەخاك سپاردراوە .

---

(١) مێژوو نووسی ئیتال بەناوبانگ ژۆرژۆ ڤازاری یانو بەرهەمی پەیکەرتاشو نیگارکێشو ئەندازیارەکانی ئیتال لەکاتی ڕنسانسدا نووسیوەتەوە بۆ خۆی هاوچەرخی ئەوان بووە.

# ئــــاواز و گۆرانی ی

بەشی یەکەم

مۆسیقا پەیوەندیەکی گیانی بەگیانی بەتینی هەیە لەگەڵ هۆنراوەدا ، گۆرانیش . . لە ئاوێتە بوونی مۆسیقاو هۆنراوە پێك هاتووە ، کە هەردوکیان دەربڕینی ناخی دەرونی مرۆڤایەتیە . بۆیە گۆرانی کارێکی ڕاستەو خۆی هەیە بۆ دەرونی گوێگر بە پێی ئەو مانایەی کە هەیەتیو لەو سەردەمەی تیادادەوترێ .

گۆرانی وەك چەندەها جار ووتراوە ، ئاوێنەی کۆمەڵە لە هەر سەردەمێك دایێت ، لەبەر ئەوە هەمیشە لایەنێکی گەورەیە لە سەنگاندنی هەر میللەتێك و پێوەرێکی ناسکە بۆ چاندنی ڕەوشتی بەرزو خاوێنی هەستی مرۆڤ . . ئەمەش لەم لایەنانەی خوارەوە ڕەنگ دانەوەی خۆی دەنوێنێ :

١ – هۆنراوە
٢ – ئاواز
٣ – بەجیٚ هێنانی لایەنی پراکتیکی خاڵی یەکەمو دووەم + گەر بمانەوی لە هۆنراوەی گۆرانی کوردی بکۆڵینەوە کە یەکەم لایەنە . . ئەوا پاش گوێ گرتن لەو گۆرانیانە کە لە کۆنەوە هەتا ئیستە ووتراون ئایا بە هۆی تۆمارکەرەوە گوێی لیٚبگرین یان ڕاستەوخۆو دەماودەم ، جا چ گۆرانی فۆلکلوری بێت یاك میللی یان دانراویان تازە ئەوا بە ئاسانی ئەتوانین جۆری ئەو هۆنراوانە

# هۆنراوە لە کوردی دا

**ئەنوەر قەرەداغی**

کە ووتراون بە گۆرانی لە زۆر لایەنەوە جیایان بکەینەوە ئایا لە رووی ناوە رۆکەوە . . یان لە رووی تەکنیکی هونەریەوە . . لە رووی ناوەرۆکەوە ، باسی خۆشەویستی ، دیمەنی سرووشت ، نیشتمان پەروەری ، کارکردن ، ئازایەتی و نەبەردیو قارەمانیەتی ، هەروەها بیرو باوەری ئاینی و چەندەها لایەنی تری تیا بەدی دەکرێ .

لە رووی تەکنیکی هونەریەوە . . زۆر لە هۆنراوەی گۆرانیەکان شێوەی میللی یان فۆلکلۆری گرتووە واتە کێشەکەی کێشێکی سادەو سوکە . .

هەروەها هەندێکی زۆر لەو هۆنراوانەی دانراونو خاوەنەکانی ناسراون لە سەر هەمان کێشەن ، هەرچەند کێشەی تریش هەن بەڵام کە من گەر بمانەوێ لە دووەم لایەن بکۆڵینە کە ئاوازی گۆرانی کوردیە . . ئەوا دەبینین کە گۆرانی کوردی‌مان بەگشتی شێوەی فۆلکلۆری میللی گرتووە . . هۆ زۆرە بۆ ئەمە ، لە هەمووی گرنگتر هەژاری – ئەتوانین بڵێین نەبوونی – رۆشنبیری هونەری لە رووی تەکنیکی ئاواز دانانەوە لە ناو کۆمەڵی کوردەواری‌مانداو بە تایبەتی لەلای ئاواز دانەرەکان . . هەرچەندە جولانەوەیەکی بچووك لەم چەند ساڵانەی دوایی‌دا دەستی پێ کردووە بەڵام دەتوانم بڵێم کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وورد هەیە . . !

نەبوونی گۆرانیەکی هونەری یان لاوازی گۆرانیەکی هونەری لە ناو کۆمەڵی کوردەواری‌دا دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆ . . بەڵام یەکێك لەو هۆ گرنگانە کە ناوەرۆکی باسەکەمانە (لە یەك تێ‌گەیشتنی تایبەتی‌یە هونەریەکانی شاعیرو ئاواز دانەرە) . واتە تەگەرەیەك لە نێوان ئەندێشەی شاعیرو بیری هونەری ئاواز دانەردا هەیە ، یان بە جۆرێکی تر با بڵێین کە شاعیرو ئاواز دانەر بۆ ئەنجام هێنانی گۆرانیەك لە رووی هۆنراوەو ئاوازەوە وەك پێویست لە یەك تێ‌ناگەن . .

جا بۆ دۆزینەوەی ئەو تەگەرە هونەریانەی نێوانیانو هێنانیان بۆ سەر رێبازێکی پڕاوو لەبار ، پێویستی‌مان بە چەند روون کردنەوەیەك هەیە . .

هەروەك لە کۆنەوە هۆنراوە پێناس کراوە ، (گەر ئەم پێناسە راست بێت) کە :

(ئەو قسە بە کێشەیە کە لە سەر سۆز کاریگەرترە وەك لە سەر ژیری) . ئەمە وەك واتەیەك نزیك کەوتنەوەیەکە لە هۆنراوە ، هەرچەندە هۆنراوە لە خۆی‌دا زۆر لەوەش فراوانترە لە بۆچوون‌دا .

هەموو خاوەن کارێك زۆر مەرجی دەوێت تا ببێتە خاوەنی ئەو جۆرە کارەی دەیەوێت . . هەر بۆیە بە بۆ چوونی خۆم دەڵێم ، شاعیر پێویستی بە زۆر مەرجی سەرەکی هەیە کە پێویستە لە خۆی‌دا شك بەرێت بۆ دانانی هۆنراوەیەك بۆ (گۆرانی) لێرەدا تەنها مەبەستم لە (شاعیری گۆرانی‌یە) ئەو مەرجانەش ئەمانەن :

١ – مەرجێکی سەرەکی بۆ ئەم مەبەستە ئەوەیە کە دەبێت بەهرەیەکی خوایی تێدا هەبێت بۆ هۆنراوەی گۆرانی ووتن .

٢ – سامانو زەمینەیەکی فراوانو چاکی هەبێت لە ووشەو شێوازی بەکار هێنانی و جۆری داڕشتنی‌دا ، تابتوانێت ووشەی

گونجاوو ڕێك‌و پێك‌و سوكەڵە بەكار بهێنێت و لە تەك ئاوازی مۆسیقادا بە ڕەوانی بڕوات.

٣ – لە جۆرەكانی كێش شارەزابێت و بۆ بەساوبەند (قافیة) دانەمێنێت بە گوێرەی ئەو زمانەی (بە زارەكانیشیەوە) كە پێ‌ی دەنووسێت.

٤ – هەستی چێژ وەرگرتنی مۆسیقا باش بێت، بتوانێ جۆری گورانی و پەیوەندی بە ئاوازەوە بە باشی لە ڕووی هونەری‌و مەوزوعی‌یەوە جیا بكاتەوە.

٥ – شارەزاییەكی باشی هەبێت لە كێش و ڕەزمی (ریتم) مۆسیقاو ئەو ڕەزمانەی بەكار دەهێنرێت لەو ناوچەو ناوچەكانی چێوەندی خۆی داوبیان ناسێت‌و بیان زانێت.

٦ – ئەو هۆنراوەی دەینوسێ بۆ گۆرانی، بتوانێ لە چەند دیرێك دا مانایەكی فراوان‌و پڕی پێ بدات بە جۆری لە گەڵ درێژی‌و كورتی ئاوازەكەدا بگونجێ.

هەر بە هەمان بۆچوون دەتوانین مەرجەكانی ئاوازدانەر (ملحن) دەست نیشان بكەین سەبارەت بە كارەكەی خۆی، هەروەك چۆن شاعیری گۆرانی مان دەست‌نیشان كرد.. ئەو مەرجانەش ئەمانەن:

١ – شارەزایی‌یەكی چاكی لە تیورەكانی مۆسیقا هەبێت، جا ئەم خاڵەیان زۆر لایەن دەگرێتەوە، وەك شارەزایی لە كێشەكانی مۆسیقاو ڕەزمەكانی‌و مەقامەكان‌و جۆری پەیژە مۆسیقاكان‌و جۆنیەتی دەست نیشان‌كردنی (تیمە – Thema) و.... هتد.....

٢ – شارەزایی هەبێت لە دینامیكی دەنگ و ئاوازو بەكار هێنانی لە گەڵ ووشەی هۆنراوەدا.

٣ – هەست‌و ڕۆشنبیری ئەدەبی فراوانی هەبێت‌و چێژ وەرگرتنی هۆنراوەی بلندبێت و ناوەرۆكی باش تێ بگات.

٤ – بەهرەداربێت‌و بزانێت چۆن ئەو بەهرەی دەخاتە گەر.. هەیە مۆسیقارژەنێكی چاك‌و لێ‌هاتووە، بەڵام توانای ئاواز دانانی نیە..

٥ – زۆر پێویستە ئاواز دانەر ئامێرێكی مۆسیقا بزانێت بۆ جێ‌بەجێ كردن‌و چلانن‌و دانانی ئاوازەكان بە تایبەتی ئەو ئامێرانەی كە مەودای دەنگیان زۆرو فراوانە.. (جا ئەمەش بە گوێرەی چەشنی ئاواز دانان دەگۆڕێ).

٦ – بتوانێت هەست‌و دەربڕینی ئاوازی ئەو ناوچەی تیا دەژی لەبەر چاوی دابێت‌و هەستی پێ‌بكا، بەتایبەتی گەر لایەنی نەتەوایەتی لە كارەكەی‌دا خستە بەر چاو..

ئەمەو چەند خاڵێكی ووردی تر كە پەیوەندی بە ئاواز دانەرەوە خۆی هەیە پێویستە ڕەچاو بكرێت پاشان دەتوانی ئاوازێكی باش‌و پڕ بە پێستی هۆنراوەیەكی گۆرانی چاك دابنێ..

لەرێ‌ی ئەم خاڵانەوە، تایبەتیەكانی هەر یەكە لە شاعیرو ئاواز دانەر لای یەكتری ئاشكرا دەبێت. ئاواز دانەر لە شاعیری گۆرانی تێ دەگات و شاعیری گۆرانیش لە بیركردنەوەی ئاواز دانەر تێ‌دەگات.. لەم هاو تێ‌گەیشتنە نزیك بوونەوە پەیدا دەبێت‌و دەبنە تانو پۆی یەكتری كە مەبەستی گرنگی ئێمەیە.. هەروەها لەم تێ‌ڕوانینەوە دوو خاڵی گرنگ دیار دەكەوێت و دێتە پێشەوە، ئەویش جیا كردنەوەی ئاوازێ بۆ دەنگی ئادەمیزاد بێ یان ئاوازێ تەنها بۆ ئامێرە موسیقاكان بێت وەك لێرەدا ڕوونی دەكەینەوە.

١ – مۆسیقای ئامێرەكان.. واتە ئەو ئاوازانەی كە تەنها ئامێرە مۆسیقاكان بەشدار دەبن لە بەجێ هێنانی‌دا.

٢ – گۆرانی.. واتە ئاوازێك كە تەنها لە دەنگی قورگی ئادەمیزادەوە دەردەچێت.. ئەگونجێ دەنگی ئامێری مۆسیقای لە گەڵ‌دابێت لە سەر ڕێژەو شێوەیەكی تایبەت..

خۆ گەر ئاوازێك بە قورگی ئادەمیزاد بە ووشەیەكی بەكێش‌و كاریگەرەوە بوو ترێت ئەوا دەبێتە (گۆرانی). كاریگەری گۆرانیش لە سەر گوێ‌گران بریتی‌یە لە چەند خاڵێكی تایبەت بە كارە هونەریەكەوەو هونەرمەندە گۆرانی بێژەكەو چەند لایەنێكی دەرەوەی گۆرانی‌یەكە وەك

(گوێگر) . . ئەمانە گشتی لایەنی هەستیو دەربڕینو تەکنیکی ، ووتن بۆ هۆنراوەو ئاوازەکە پیشان دەدەن ، بە جۆری بچێتە دۆخێکی ئامادەکراو بۆ ئەوەی لە هەستی کۆمەڵدا کاری خۆی بکات . . جا دەگونجی ئەم کارتێ کردنەش بە چەندەها شێوەیی وەك ، هەیە لایەنی هەستی دەربڕینی ئاوازەکە کاری تێ دەکات . . یان هۆنراوەی گۆرانیەکە . . یاك تێکەڵ بوونی ئەم دوو لایەنە لە رووی تەکنیکیەوە . . هەیە وەك یادگاریێ . . یان بیر خستنەوەی کارە ساتێك کاری تێ‌دەکات . . هتد . . کارتێ کردنی ئەم لایەنانە لە پەیوەندی راستەو خۆی (ئاواز دانەرو شاعیرو مۆسیقاژەنو گۆرانی بێژ) پەیدا دەبێ ، کە هەر یەکەیان وەك پێویست تەواو کەری ئەوانی ترن ، واتە (ئامادە کردنی هۆنراوەیەك بۆ گۆرانی بشێتو تێکەلاو کردنی ئاوازێك لەگەل ئەو هۆنراوەداو چۆنیەتی ووتنی بە جۆرێکی رێكو پێكو لەبار) کاری خۆی دەکاتە سەر هەستو بیرکردنەوەی گوێگر .

دانانی هۆنراوە لە شێوەو ناوەرۆکدا بابەتی زۆرە . . هەروەها دانانی ئاوازێك بۆ هۆنراوەیەك لە جۆری دارشتنو شێوەدا بەکارهێنانی هەمە جۆری هەیە . . بەلام ئەوەی گرنگ‌بیو پێویستە بایەخی پێ‌بدرێ ئەوەیە کە ئەو ئاوازەی بۆ هۆنراوەیەك دادەنرێت ، (دەبێت بە جۆرێك بێت لە هەموو لایەنێکی و مەوزوعی‌یەوە مەبەست بگەیەنێتە دی . .) هەر ئەم ووتەش وەلامی ئەو پرسیارەیە کە زۆر جار لێمان دەکرێت ، پرسیارەکەش دەلێ . . ئایا هەموو هۆنراوەیەك دەشێت ئاوازی بۆ دابنرێ . . ؟

هەر ئەم پرسیارەش زۆر کەسی‌تر بە جۆری تر وەلامی دەداتەوە . . لەو وەلامانەش :

بەلی هەموو هۆنراوەیەك هەر چونێ بێت دەکرێت هەر جۆرە ئاوازێکی بۆ دابنرێت . یان هەیە دەلێ . . نەخێر هەموو هۆنراوەیەك ناکرێت ئاوازی بۆ دابنرێ . . هەر چەندە ئەم رایانەو چەندەها رای تریش کە هەن پێویستی‌یان بە لێکۆلینەوەو لێدوان هەیە ، هەر بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەر لە هەموو شتێك ئاوازەکانو هۆنراوەکانی کوردی بخەینە بەرچاو بە گشتی . . هەروەها ئاگاداری ئەو سەر دەمانە بین کە ئەو هۆنراوەو ئاوازانەی تیادا ووتراوە . . لەم سەیرکردنەدا دەگەینە هەندێ خاڵ کە لەو خالانەوە هەندێ کەم کوری‌مان بۆ دەردەکەوێ کە دەتوانرێ چار بکرێن گەر هەولو کۆششی لە گەل بکرێت ، بۆ ئەوەی گۆرانیەکی نوێ و رێكو پێك بهێنینە بە رهەم ئەو خالانە ش ئەمانەن :

١ – شاعیری گۆرانی کامەیەو . . بۆچی ؟

٢ – ئاواز دانەری گۆرانی کێ‌یەو . . بۆچی ؟

٣ – پەیوەندی شاعیرو ئاوازدانەر لە چ رادەیەك دایە ؟

٤ – ئەو گۆرانی‌یانەی هەن ، لایەنی هونەریو مەوزوعی لە هۆنراوەو ئاوازدا تا چ رادەیەك شان بە شانی یەك دەرۆن ، لە چ خالێکا یەك دەگرنەوەو لە چ خالێکا دوورن لە یەکتریو چۆن ساز دەکرێن .

خۆ گەر گۆرانی بە مانای (گۆرانی هونەری) بەکار بهێنین لیرەدا ئەوا ئەم جۆرە کارێکی زۆر نوێ‌یە لەناو کوردەواری داو هێشتا وەك پێویست شکۆفەی نەکردووە . چونکە گۆرانی هونەری مەرجی تایبەتی هەیە .

ئەو مەرجانەش بڕێتی‌یە لە ئامادەکردنی هەموو پێویستیەکی هونەری تەواو لە (هۆنراوەو ئاواز – ئامێرەکانو دابەش‌کردنو بەجێ هێنانی شێوەی ووتنی) ئەمانە هەموو لە سەر بناغەیەکی زانستی بەکار بهێنرێت .

گۆرانی کوردی مان بە شێوەیەکی گشتی مۆرکی (فۆلکلوری یان میللی) هەیە . . چ لە هۆنراوەی چ لە ئاوازی دا . . یا هەندێکی شێوەی لاسایی ئاوازی دەوروبەری خۆیەتی بە بەکار هێنانی چەندەها ئامێری میللی یان ئامێری ئەم سەردەمە بەلام لە مەودایەکی کەمدا کە پترنیە لە چەند دەنگێ بە گشتی . . بەلێ . . هەندێ جولانەوەی تازە هەیە بۆ هەنگاو نان بۆ دانانی گۆرانی تازەی هونەری کوردی . . بەلام تا چ رادەیەك جێی

خۆی گرتووە لە لایەن کۆمەڵەوە یان لە رووی زانستی‌یەوە . . ئەوە لە ساغ کردنەوەی نەوەی دوا رۆژی ئەم میللەتەدا دەردەکەوێت .

سەرکەوتنی گۆرانیەکی نوێ تەنها ئاواز دانەر بەرپرسیارنیە لێ‌ی بەڵکو شاعیرو بەجێ هێنەریش لە (گۆرانی بێژو مۆسیقاژەن‌و دەرهێنەری مۆسیقاش) بەشدارن تیاباو لێ‌ی بەرپرسیارن .

هەروەها سە بارەت بە گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌و میللی‌یەکان دەبینین کە هەروەك هەموو میللەتانی جیهان کورد خاوەنی گۆرانی خۆیەتی لەم بابەتانە . .

بەلام لەرووی هەستی دەربرین‌و شێوەو مۆرکی جیاوازی هەیە لە گەل ئەم لاو ئەولای خۆی واتە چەند تایبەتێکی خۆی هەیە کە پێ‌ی دەناسرێتەوە لەو تایبەتیانەش :

١ – کورتی مەودای دەنگەکانی ئەو ئاوازانە ، کە لە چەند دەنگێك دەرناچێ ، خۆ ئەگەر زیاتریش بێ ، یان زۆر کەمە یان کاری هونەری میللەتێکی ترە . . لە نموونەی ئەو گۆرانیانەش گۆرانی (ئای شیرینێ‌و خانم) کە ئەمە بە شێکە لە هۆنراوەو نۆتەی ئەو گۆرانیە :

ئای شیرینێ‌و خانم بچکۆل تۆی میوانم
ها کچە کێ لێ‌ی داگی دەك ماڵی وێرانم

. . . هتد . .




هەروەها گۆرانی (وەرە قوربان) کە ئەمەش نموونەی هۆنراوەو ئاوازەکەیەتی . . .

وەرە قوربان ئارامی دلان
سا وەرە نازدار وەرە قوربان
عەقلت بردم هۆشت بردم (شێت کردم)
سوتام برژام وەرە قوربان

. . . . . هتد




تێ بینی :

(هەیە بلێ ئەم گۆرانیە تورکی‌یە یان عەرەبیە ئەمەش وەك پێویست ساغ نەبووەتەوە چونکە ئەوتا بەکوردیش دەوترێ)

٢ – رەزمی ئاوازی گۆرانی‌یە کوردیەکان مان زۆرن بەلام سووك‌و سادەو ئاسانن ، لە یەکەی سادەو هەندێ لە رەزمی لێك دراوو تێکەلاو پێك هاتوون . . هەندێکیش لەو رەزمانە وەرگیراون راستەوخۆو گونجێنراون لە گەل هەندێ ئاواز . . لە

رەزمە کوردیەکانیش وەك رەزمی (گوڵیشێنی) یان (چوار مەزرەبی) یان (مەسمودی بچووك و گەورە) یان رەزمی (دەهۆڵی) . . هتد . .

مەسموودی گەورە



دەهۆلی



گوڵشێنی



مەسموودی بچووك



ئەم رەزمە رەزمێکی عەرەبی یە

چەندەها رەزمی تریش هەن بەکاردەهێنرێن لە گەڵ گۆرانی کوردیدا بەڵام ناویان نیەو پێویستی بەوە هەیە ناوی بۆدابنرێ . . وەك لە باسێکدا لەموبەر لە گۆڤاری (بەیان)دا روونم کردەوە وەك .





ئەم رەزمانە میللەتانی تریش بەکاریان دەهێنن .

٣ – هۆنراوەو ئاوازی گۆرانی کوردی کورتن و لە یەك بەش یان دوو بەش پێك هاتوون ، تەنانەت زۆر لە ئاوازە دانراوەکانیش لەسەر هەمان شێوە دانراون ، واتە شێوەیان میللیی یان فۆلکلوریە وەك گۆرانی (هەی بەللار) یان
وەك گۆرانی (لێ لێ وەسسۆ)

ئەمەش نموونەی هۆنراوەو ئاوازە کانیانە :

هەی بەللارو بەللارو بەللاراوە
تو سەری باوکت وەرە ماڵەوە . . . هتد




یان گۆرانی (لێ لێ وەسسۆ)

لێ لێ وەسسۆ لێ لێ
وەسی لایە وەی وای . . . هتد





٤ – برگەی هۆنراوەی گۆرانیەکان زوربەی زۆری برگەی میللی یان فۆلکلۆری وەرگرتووە ، هەرچەندە زۆری تریش هەیە کە لەو جۆرە برگانە چوتە دەرەوە بەلاَم زۆر بلاَونیەو باوی نیە . . تەنانەت زۆر لە ئاوازە دانراوە تازەکانیش لەسەر هەمان شێوە رۆیشتوون واتە شێوەی میللی‌و فۆلکلۆری وەك هۆنراوەی گۆرانی (بمِ بە قوربان) هۆنراوەی (دڵشاد مەریوانی) ئاوازو گۆرانی گۆرانی بێژ (عوسمان عەلی) دەڵێ :

بمِ بە قوربان لارو لەنجەکەت
بمکە بەگوڵێ بۆ تەسریحەکەت

...هتد

هەواڵنامەی کتێب & KURD ARSHIV




کەواتە گۆرانی کوردی لە زۆر لە لایەنەکانیەوە هێشتا هەر وەك خۆیەتی‌و لە شێوەی سادەیی خۆی‌دا ماوەتەوە ، خۆ گەر هەوڵ دانێکی بچووکیش هەبێ لە رووی پەرەپێ دانیەوە ئەوا هەوڵدانێکی (تاك و تەنیایە) کە پێویستە ساغ بکرێنەوە لە رووی زانستی‌یەوە و کۆمەکی لەگەڵ‌دا بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاوەکانی خۆمان بەراستی هەڵسەنگێنین . .

لەم روون کردنەوە کورتەدا کە باسمان کرد دەگەینە ئەو بروایەی کە لەیەك گەیشتنی ئاواز دانەرو شاعیری گۆرانی کارێکی زۆر پێویستە ، ئەم تێ‌گەیشتنەش دەبێ لەم خاڵانەدا رەنگ بداتەوە :

١ – ناوەرۆکی هۆنراوەو پەیوەندی لەگەڵ درێژی‌و کورتی .
٢ – کورت‌و درێژی برگەی هۆنراوەکان‌و برگەی ئاوازەکانی .
٣ – رەزم‌و کێشی ئاوازو هۆنراوەکە
٤ – دەربرینی ئاواز لە رووی ماناو فۆنەتیکی ووشەکان‌و چۆنیەتی تێکەڵ بونیان لەگەڵ یەکتردا .
٥ – پێویستی قەوارەی پیتی مۆسیقاو جۆری دابەش کردن‌و ئامادەکردنی ئاوازی گۆرانیەکە .
٦ – رەچاو کردنی مۆرك‌و دەنگی گۆرانی بێژو جۆری ووتنی (ئایا بەتەنها یان لەگەڵ کۆرس‌یان بەدوو قۆلی یا هەر جۆرێکی تر بێت . .)
٧ – پەیوەندی هۆنراوەو ئاواز لەگەڵ سەردەمی کۆمەڵ‌دا .
٨ – توانای هونەری هەردوو لایەن (ئاواز دانەرو شاعیری گۆرانی) لە پێك هێنانی گۆرانیەك‌و بایەخ دان بەلایەنەکانی تریش لە گۆرانی‌یەکەدا وەك (گۆرانی بێژو پیتی مۆسیقا) .

### جۆری بەکار هێنانی هۆنراوەو ئاواز لە گۆرانی‌دا

وەك رووننمانکردەوە بەکارهێنانی هۆنراوە لەگەڵ ئاوازدا یان بەکار هێنانی ئاواز لەگەڵ هۆنراوەدا شێوەو جۆریان زۆرە . . بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی ئەم لایەنانە لە رووی تەکنیکی‌و دەرونی و هەستی‌یەوە لەناو کوردەواری‌ماندا دەتوانین بەم شێوانەی کە دەیخەمە بەرچاوتان بەشیان‌بکەین . . نموونەکانیش تێکەڵاَون لە ئاوازو هۆنراوەی دانراوو میللی‌و فۆلکلۆری ئەو نموونانەش ئەمانەن :

١ – زۆر جار رێکەوتووە ئاواز دانەری هونەراوەی شاعیرێك کاری کردووەتە سەر هەست‌و ناخی ، ئەم کارتی‌کردنە وای لێ

کردووه ئاوازی بۆ دابنێ (بەپێی توانای هونەری خۆی) . .
لەو گورانیانەش گۆرانی (کەسەکەم) لە ئاوازو ووتنی (عوسمان عەلی) ی گۆرانی بێژ. . (تەنها ئاوازی بۆ هۆنراوەکە داناوە) . . . هۆنراوەی ئەم گۆرانیەکاك (دلشاد مەریوانی) دانیاوە ئەوەی لە کاك عوسمان علی یەوەم بیست سەربارەت بەم هۆنراوە ئەوەیە (کە ناوەرۆکی هۆنراوە کاری تی‌کردووەو هەستی جوولاندووە بۆ ئەوەی بەپێی توانای هونەری خۆی ئاواز بۆ هۆنراوەکە دابنێ) .

لەراستی‌دا زۆر لە ئاواز دانەرەکان لە سەر ئەم جۆرە ڕێچکە بەردەوام ئاواز دادەنێن .

هۆنراوەی (کەسەکەم) لە چەند دێرێك دا دەڵێ . .

کەسەکەم بۆ من نازانم وەها باوە
هەموو جۆرە دڵداریەك وا کراوە
یەکەم هەنگاو هی کوڕ بووە
نازی کچی هەڵگرتووە
تا نامەیەکی داوەتێ
پەرو باڵی دەرکردووە
من خۆم ئەزانم کوێم ئێشێ بەو داخەوە ڕۆژی ئەمرم
برینم گەیشتە سەر ئێسقان
ڕوویەکی خۆشی تۆم نەدی کچی ئاسمان
ئیتر جورئەت لە کوێ بێنم
نامەی گیرفانم دەربێنم

. . . هتد







٢ – زۆر جار ڕێکەوتووە ئاوازەکە ئامادە بووە و شاعیرێك یان ئاواز دانەرێ لە خۆشی ئەو ئاوازە (ئایا کوردی بووبێ یان ئاوازێکی بێگانە) . هۆنراوەیان بۆ داناوەو لەناو خەڵکی‌دا بلاو بووەتەوە . . بە تایبەتی لە هەندێ لە سروودە نیشتمانی‌و ئاینی‌یەکان‌داو هەندێ لە گۆرانی گۆرانی بێژان‌دا وەك (حەسەن زیرەك – مامڵێ – مەلا کەریم) . . هتد . . دەبیسرێن . . .

لێرەدا سروودی (وا وەتەن خەملیوە وەك گوڵ) ئەممان بۆ پیشان دەدات ، کە لە هۆنراوەی شاعیری مەزن خوالێ خۆش بوو (مامۆستا زێوەرە) و ئاوازی لەسەر ئاوازێکی بێگانەیە . .
هۆنراوەکە دەڵێ : .

وا وەتەن خەملیوە وەك گوڵ نەوبەهاری میللەتە
شادمانی قەومی کوردە ڕۆژی هەوڵ‌و هیمەتە

. . . هتد





ئەم ئاوازە ووشەکانی ئەم هۆنراوەی لەگەڵدا گونجێنراوە و لەلای خەڵکی خۆش بووەو دەق لەگەڵ دا گرتووە و لە چەندەها ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئیستە دەوترێ.

٣ – لە هەندێ گۆرانی کوردیدا دەبینین شاعیرو ئاوازدانەر لەسەر لایەنەکانی گۆرانیەك رێك کەوتوون وەك ناوەرۆك، کێشی هۆنراوەو ئاوازەکە برگەکانی هۆنراوەکە، جۆری ئاوازەکە... هتد

لەم رێکەوتنەدا ئەو ئاوازەی کە دێتەکایەوە شان بەشانی هۆنراوەکە دەڕوات و ئەو گۆرانەی پێویست بێ هەنگاو بەهەنگاو چاردەکرێ. ئەم جۆرە کارانەش زۆر باوە لە ناو هەموو میللەتانی جیهاندا، یەکێك لەو نموونانەی کە لەم بابەتەیە گۆرانی (نامەی دووری) کە هۆنراوەی کاك (نوری وەشتی‌یە) و ئاوازی (ئەنوەر قەرەداغی‌یە)و گۆرانی ووتنی (ئەسعەد قەرەداغی‌یە). کە بە رێکەوتنی ئاواز دانەرو شاعیر هاتووەتە بەرهەم .. بەشێك لەو هۆنراوەدەڵێ:

ئازیزم خۆری تاریکی ژینم
شنەی شەماڵی وەرزی هاوینم
دەمێکە نازی تۆم لێ بڕاوە
تا زەردە خەنەت نیوە خنکاوە
لەباتی رازو سکاڵای جاران
ئیستاش وینەکەت کەوتووەتە زمان
بەسەرما لێزمەی خەم ئەربانێ
هەر دڵۆپێکی شێوەت ئەنوێنێ
بۆیە بەرەنگی پەڕەی تەنکی گوڵ
جوانیت نەخش ئەکەم لەسەر پەڕەی دڵ
دەمن بەقوربان ئاوانم چی بێ
کەرێی دیدەنی یارانم نەبێ

... هتد

